# کۆمەڵگا تاوانباری سەرەکییە!

(سیروان بابەعەلی)



بێگومانم لەوەی کەهیچ کەسێتییەکی مەرد  ئیرەیی بە کۆمەڵێک چەمووش و گەندەڵی کوردستان نەبات، کەوەک ڤایرۆسی خانەخۆر کەوتوونەتە گیانی ئەومیللەتەو هیچ ئەنتی ڤایرۆسێک پەی بە میکانیزمی لەناوبردنیان نابات.

لە کوردستان "سێ جۆر" ئامرازی بنکۆڵکردنی بونیادی کۆمەڵگا بەپشتی چەند دەستاویژێکی (کۆمەڵایەتی - ئابووری)، سەرسەختانەو دینامیکی چاکی بێئابڕووییان لێکردووە بەلاداو کاری داڵەکەرخۆرەکان بەجەستەی خەستەی ئەو میللەتە دەکەن، کە ئەوانیش بریتین؛ لە خێڵی لادێیی کۆنەپارێزو باووکسالار، بیرۆکراتی شلەشاریی بێبەرهەمو مشەخۆر، وە بەزگماک گەندەڵ و پاشەڵپیسەکان.  ئەوبڕوایە بەهەڵوێستی هیچ ڕکابەرێکی ئەمڕۆی دەسەڵات لە کوردستان نامۆنییە...

بەڵام مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەیە؛ بابەتیی و بەلۆژیک لێکبدرێتەوە کە وەک پەندە بیانییەکە دەڵێت "مۆم داگیرسان لە جنێودان بەتاریکی باشترە"، بەومەبەستەی کە کارکردن لەسەر خودی کۆمەڵگا تەندروستتردەبێت لەبەر چەند فاکتەرێک؛

یەکەم:   جەستەی لاوازی کۆمەڵگا پێویستی بە کۆئەندامی بەرگری بەهێز هەیەو ڤایرۆسەکانی سەرەوە بە ئەزموونلەسەرکردن چاکنابن، یا دەبێت سووری تەمەنیان تەواوبکەن و بمرن، یان خۆبەخۆ یەکتر لەناوببەن، کە ئەوکاتەیش وەک دەسەڵاتی درێژی بەعس دەبێت بووترێت "لەدوای باران کەپەنک".

دووەم:  کۆمەڵێک بەناوسەرکردەو بەدرۆڕابەرو بەپراکتیک فەرمانڕەوا بوونەتە شیکاری شیعرەکەی شێخ ڕەزا کە دەڵێ: {چەرمی رووی هێندە قاییمە شمشێری میسری نایبڕێ ـ بە پێلاوی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ}.

لەسۆنگەی ئەوەوە باسی دڵسۆزیی و شۆڕشگێڕیی لەدەستدان بۆ ئەوان نادروستە بەولۆژیکەی "یەکێک شتێکی نەبێت لەدەستی نادات"و ئەو ڕەوشە ناهەموارە پڕ لە نادیار و گرێوگۆڵەی ئەوان چوواندویانە "هەتا چیلکەی لێوەردەی بۆنی لێدێت"

ڕاڤەی ڕەوشی کورد پەیوەستە بەشرۆڤەی بونیادو ژێرخانی (کۆمەڵایەتی ـ ئابووری)و ئاسەوارو کارلێکی بۆ سەرخانی ئاوەزو تێڕوانین و ئایدولوژیا، وە چۆنییەتی پراکتیزەکردنو هێنانەدەنگیی ئەوهزرانە وەک پەرچەکرداری ڕەهەندی دیالیکتیکی مێژووی کوردو پێودانگە ئەنترۆپۆلۆجییەکان.  لەو ڕوانگەیەوە هەڵەیەکی هزریی و میتۆدیی زەقە کە فینۆمینیای دووکەس، یان لە ئەژماردی پەنجەکانی دەستدا، کۆمەڵێک ڕوخساری سیاسی هەڵبژێریتو هەموو بەرپرسیارێتییەک بخرێتە ئەستۆیان.

ڕاستە "گێرەشێوێنی گای بنە"و پاشکۆی زوڕناو کەڕەنا لێدەرو خەمساردیو خەوشی کاریزما سیاسییەکان ڕۆڵگەڕ و کاریگەریی زۆر گرنگن، بەڵام دواجار ئەوانیش زیاتر لەوەی فاکت و هۆکاربن،  بەرژەنگی ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵگاو پێشخانە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکانن.

ئەوڕاستییەی کەدەڵێت:  کورد سێهەزارساڵە ڕەچەڵەک و مێژووی لەم خاکەدا جێگیرەو لەیەکەم شارستانیەتی بەرزی مرۆڤدا لەووڵاتی دووڕووبار (میزۆپۆتامیا) نەخشی گەورەی هەبووە، کە مێژوو چیرۆکی ئەرشیفکراوو داستانی گوێئاگردانی چەندەها دەوڵەت و میرنشین و سەربەرزی و قارەمانێتی دەگێڕێتەوەو ئاسودەیی بەهەستی نەتەوایەتیو دەنگبەرزیی بەمافی بوون و هەبوونی تاکی کورد دەبەخشێت. ئەوا دووهێندە هەواڵهێنەری دەستەچیلەیی و سیخوڕیی و نۆکەریی و خۆفرۆشیی و خاکفرۆشییەو تەژی خۆبەخشییە بەدوژمنان!

ئەو مێژووەی  گیڤمان دەکاتەوە بەوەی؛  کە "تورکو فارسو عەرەب" دەوڵەتیان چێکردووەو لەسەر دژایەتی کورد کۆکن و جینۆسایدو پۆلیتیسایدو...تاد،   "دە هێندە" تراژیدیاکەی خەماوییترە ئەوکاتەی لەخۆمان دەپرسین: بۆچی ئەو میللەتانەی کە هەندێک فەیلەسوفی پلارو قسەی زل لەلای ئێمە بەگەمژەو بێ مێژوویان دەزانن، ئازادو بگرە چەوسێنەرن و نەتەوەی کوردیش هەر لەبەرەبەیانی مێژووی بەربەریەت و یاسای دارستان و کۆیلەدارییەوە هەتا سەردەمی فیوداڵیی و

سەرهەڵدانی پێناسەو ئەرزشە نەتەوەییەکان، هەتا ئەمڕۆی تێرترین قۆناغی سەرمایەداری بۆرژواو تێپەڕاندنی سنووری ئازادی بەرەو تێکەڵبوون و لەیەکداتواندنەوەی گەلان، داماوو دەستوپێ سپییە؟!
مێژووی نەتەوەی کورد لەناوخۆیدا ناچیزو ناتەبایەو هەردەم شیزوفرینیاو سایکۆپاتیی ڕامیاری لە کەسێتی تاکەکانیدا ئامادەگی هەیە!
مەگەر چەندین گەلی وەک "پۆڵەندی و ڤێتنامی"...تاد، بەزیاتر لە "سێ دووژمن" دەورەنەدرابوون؟ مەگەر کوردیش لەهەمان دنیاو بەهەمان مێژوودا ژیانی نەکردووە؟ مەگەر هەموو میللەتێک بە خەسڵەتەکانی یاسای دارستاندا گوزەری نەکردووە؟ ئایا درەختی کورد هەمیشە بە پووازی خۆی نەقڵشاوە؟!
کام شۆڕش و ڕاپەڕین و یاخیبوونی لەگۆڕنراو دەستی خودی کورد دەستکێشی لەناوبردنی نەبووە؟ کام مێشکو جەستەی کورد کرمەکانی ناو خۆی داینەڕزاندووە؟!
ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە زیاتر لەهەرشتێک کار لەسەر کەسێتیی تاکی کورد بکرێت؟
بەناو سەرکردەو سیاسییەکانی کورد نەلەئەستێرەیەکی ترەوە بەنەفرەتکراون و کەوتونەتە ناوئێمەو گیرمان خواردووە بەدەستیانەوە! نەبەیانییەکی زوو لەخەوهەستاون قورئانی ناهەقیان خواردووەو گلاراویان گرتووە!
ئێمە لەمێژووی خۆمان چەندین کەسێتیی کاریگەرو جێگای بایەخ سەرکردایەتی کردووین. بزانن کەسانی وەک (سێر هندرسن) و (فریاستارک) چۆن باسی "شێخ مەحموود" دەکەن. پەسنی پۆزەتیفی وایان بۆ کەسێتی ئەو داناوە کەهەتا ئاستی سەرسوڕمان سەرئاسایین. زۆربەی چالاکییەکانی "سمکۆ" پەلاماری چەتەگەرییانە بوونو مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپی بە "ڕۆبن هوود" ی کوردیان چوواندووە، کەلەئەوروپا داستانەکانی "ڕۆبن هوود" واتە پشتوپەنای بێهێزو بەلەنگازو هەژاران! یان چۆن (باقرۆف) و(ئۆسکارمان) و خەڵکی تر باسی "قازی موحەمەد"یان کردووە. چۆن (دێشنەر) و(ئادەم ئمس) و کەسانی تر باسی "مەلامستەفا"یان کردووە. کورد چەندین کەسێتیی بەرزو بەهێزو خاوەن توانستی ئاوەزیی وەک قاسملووی هەبووەو هەیە...
کورد ئیتر زەمەنەکەی لەوەی تێپەڕاندووە پێویستی بەدەنگزل و قسەسوێرو تیۆرست بێت. کاریزماو کەسێتییەکی وای پێویستە، کە تائاستی توانستی گۆڕینی ڕەگو بنچینە، لەخۆبردوو لێبوردەو پاکو ئاکارو نەریتبەرزو ڕاستگۆو دادپەروەربێت. نەخۆشی جەستەی کورد زیاتر لە "تیتۆیەک و ماوتسیتۆنگێک و هۆشیمین"ێکی پێویستە، چونکە نەبونیادی کۆمەڵگای کوردیو نە کەسێتیی تاکی کوردیش لە ئاستی کۆمەڵگاو تاکی "یوگسلافیی و چینیی و ڤێتنامیی"ە.
سەرکردەکانی ئەمڕۆی کورد بەپێوەری کات وجێگا زادەی سەردەمی خۆیانن، بەڵام شایانی ئەوەنیین ببنە خودان بۆ پاراستنو داکۆکی ئەرزش و پەیامی (نەتەوەیی ـ مرۆیی) گەل. کورد بەدرێژایی مێژووەکەی "غاندی"یەک یان "ماندیلا"یەکی پێویستە، کەسێک کەلەیەککاتدا، نەبەردو زیرەک و بەڕەوشت و نامادی و دەسەڵاتنەویست و شارستانیی و دیموکراتخوازو نیشتمانخواز بێت...
ڕاستە هەمیشە لای سەرکردەکانی کورد، بایەخ بەڕەوشی نەتەوایەتیی "پلەیەک" بووە بەڵام هەرگیز پلەی "یەک" نەبووە! هەرسەرکردەیەکی کورد لەهەرقۆناغێکی شەڕی براکوژی بەخاتری بەرژەوەندی باڵای نیشتیمان، کەمێک قوربانیی بەبەرژەوەندی خودی خۆی و ڕەوتەکەی بدایە لەدژهەڵوێست بەرامبەر کەس و لایەنی ڕکابەر؛ ئێستا ڕەوشی کورد بەوشێوەیە نەدەبوو. خۆی و ڕەوتەکەی سەربڵندو لایەنی بەرامبەریش لای میللەت ملهوورو ڕسوا دەبوو. دروست وەک ئەو چیرۆکەی کەشازادەیەکی ڕۆم بەخۆشەویستەکەی دەڵێت: "سبەی لەگۆڕەپان لەپێناوی خۆشەویستی تۆدا هەموو دووژمنەکانم ژێرپێ دەنێم، کیژەکە دەڵێت: نا، ئەگەر دەتەوێت عیشقی خۆت بۆمن بسەلمێنیت، با سبەی لەگۆڕەپان بدۆڕێیت، ناوبانگ و ڕۆمەت بدە لە پێناو"، ئەوکاتە شازادە زانی عیشق و قوربانیی بەدەم نابێت، هەرچەندە تا ئەوکاتە وایدەزانی ئامادەی گشت گیانبازییەکە بۆی...
بەناوسەرکردەو دەمڕاستەکانی کوردیش ئەوەنین لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە بڕیاری نائاساییان پێبدرێت. ئەوانە خەڵکی ئاسایی وەک ئێمەن کە بەهۆی بۆلواندنی کات و جێگاو ڕەخساندنی مەرجە خۆیی و بابەتییەکان گەیشتونەتە دەسەڵات، جیاوازییەکە ئەوەیە ئێمە بەخۆمان ڕاناپەرمووین میللەتێک بەڕێوەببەین لەبەرئەوە پاماڵی

ناکەین، بەڵام ئەوان مل بۆ ئەوڕاستییە نادەن!

لەڕوویەکی ترەوە، ڕاستییەکی بێخەوشە کە ئەوانیش بەبێ بنکەیەکی فراوانی جەماوەریی و بەبێ ئەو ژمارەزۆرەی هەڵگرانی پەسنەکانی هەمان (کەسێتیی و نەخۆشیی) لەدەسەڵات نابن و دەستاوێژی مانەوەیان نابێت. ئێمە دەزانین کەتائێستا ڕێکخراوبوون لە کوردستان، پەیوەستو لاگری پەیوەندییەکانی "خوێن و خێزان و تیرەگەرایی"یە، ئەمە خەوش و ناتەندروستە بەڵام دیفاکتە.  هەموومان کێبڕکێی نادروستو مرۆڤ سەوداکردن و سەنگەر گۆڕینەوەو بەمرۆڤ بالەکردنەکانی سەرەتای نەوەدەکان تائەمڕۆمان لەبیرە، کە دوورونزیک پەرچەکرداری هزرو تێڕوانینی ئایدۆلۆژیی و هەڵوێستی نەتەوەیی نەبوونو تەنها زمانی جنێوو تانەوتەشەر ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد!

(تۆماسمان) دەڵێت:  {هەڵەیە ئەگەر ئێمە واتێبگەین، کە هزری "نازی" لەگەڵ هێتلەر سەریهەڵدا، ئەوە دەرەنجامی نوشووستی بیری میللەتی ئەڵمان بوو}، ئەمڕۆ لای هەرئەڵمانێک باسی هێتلەر بکەیت، یەکسەر دەڵێت: "ئەو نەمساویی بوو"، چوونکە ئەوەندە ئاوەزمەندە کەبزانێت؛ ئەگەر ئەڵمانە، چۆن بەبێ پاڵپشتی میللەتی ئەڵمان ئەوەی پێکرا کەکردی؟!

ڕاستە کەمینەیەکی کورد ئەو دوولایەنە ڕەتدەکاتەوە، کەمنیش کەسێکم سەر بەوکەمینەیە، بەڵام تەماشای مێژووی نزیک؛ لەشەستەکانەوە بەردەوام دوو ڕەوتی "بەخێڵگەری جودا" و "بەپێکهاتە یەک"، جەستەی کەنەفتی کوردستان دەکوتنو نۆکەریی و مەرایی بۆدوژمنان دەکەن، کام (کەس ـ توێژ ـ چین)ی کۆمەڵگای نێو ڕیزەکانی ئەو دوو ڕەوتە، جگە لە "پاساو بۆهێنانەو ڕەوایی پێدانو بەپیرۆز ڕاگرتنی" سەرکردەکانی هەلوێستێکی نواند؟!

لەبەرئەوە بەداخەوە ئەوان "ئاوێنەی لیڵی ڕووخساری ئێمەن"و ئێمەش وەک (پەشێو) بەشیعر گوزارشتی لێکرد؛ پەیتوونە شەقو شڕەکەی کوردستانمان بەستووە بەدوو هێستری شەلەوە!

لەبەرئەوە واباشترە هەموومان لەسەر بونیادی نارێکی کۆمەڵگا لەکاردابین... .